# لێکۆڵینەوەی مێژوویی-کۆمەڵایەتی لە ئێستادا

د. مەعرووف کەعبی

”

لە دوو دەیەی ڕابردوودا لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگای کوردەواری لە ئێران گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، هەوڵێکە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە ژێر قورسایی کۆمەڵگای سیاسی و نەریت و پەرۆشەکانی. توێژینەوەکان بە گشتی ئەو بابەتانە بەسەردەکەنەوە کە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئەمڕۆ گیرۆدەیانە. لەوانەش دەکرێ ئەمانە ناو ببەین: ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، کشتوکاڵ، گەشەی ئابووری، زمان و جنسییەتی کۆمەڵایەتی. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، گۆڤارەکانی زانکۆکانی ئێران و کوردستان (وەک دیاردەیەکی تازە) و بلاوکراوەکانی دیکە بە زمانی کوردی بوونەتە خاوەن وتاری توێژەرانی نوێی بواری کۆمەڵایەتی.

“

## پوختە

ئەم وتارە دوو مەبەستی سەرەکیی هەیە. یەکەم، تیشک دەخاتە سەر سەرهەڵدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگای کوردەواری لە ئێران بە تایبەت لە ١٣٨٠ بەملاوە؛ و دووهەم، باسی ئەوە ئەکات کە چلۆن گەشە لەو بوارەدا هاوکات لەگەڵ بەربڵاوبوونەوەی چوارچێوەی نەزەری و تیۆری بەڕێوە چووە. باسی چوارچێوەی نەزەری، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕوانین بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردەواری لە ئێران هەیە. لەم ساڵانەی داوییدا، هەتا هاتووە تیۆرییەکانی دواداگیرکاری (پۆستکۆلونیال) ڕەنگدانەوەی زۆرتریان بووە لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیدار بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕوانین بۆ کۆمەڵگای کوردەواری لە سۆنگەی دیکەشەوە هەبووە. بۆ وێنە، خوێندنەوەی پەیوەندیی فەرهەنگی لە ئێران وەک پەیوەندییەکی هێژمۆنیک کە تێیدا سەروەری بۆ فەرهەنگ و زمانێکی دیاریکراو مسۆگەر کراوە و هەرجارە ئەو پێگە سەروەرە بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئەم وتارە هەوڵ دەدات هەڵکێشێک لەوانە پێک بهێنێت تا خزمەتی ڕەوتی داهاتووی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بکات. بەستێنی سیاسی و مێژوویی ئەم باسە، سەردەمی دوای جەنگی جیهانیی دووهەمە کە لە ناخیدا تیۆرییەکانی نوێسازی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵدا. ئەم باسە ئاکامی چەندین ساڵ خوێندن و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم بابەتانەیە. ئەم وتارە لە کۆتاییدا بانگەوازی خۆتەیارکردن دەکات بە بۆچوونێکی هەمەلایەنە یا چەندڕەهەندی کە ڕێنمایەکی باشترە بۆ بواری مێژوو و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی.


## پێشەکی

لە دوو دەیەی ڕابردوودا لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگای کوردەواری لە ئێران گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، هەوڵێکە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە ژێر قورساییی کۆمەڵگای سیاسی و نەریت و پەرۆشەکانی. توێژینەوەکان بە گشتی ئەو بابەتانە بەسەردەکەنەوە کە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئەمڕۆ گیرۆدەیانە. لەوانەش دەکرێ ئەمانە ناو ببەین: ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، کشتوکاڵ، گەشەی ئابووری، زمان و جنسییەتی کۆمەڵایەتی. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، گۆڤارەکانی زانکۆکانی ئێران و کوردستان (وەک دیاردەیەکی تازە) و بلاوکراوەکانی دیکە بە زمانی کوردی بوونەتە خاوەن وتاری توێژەرانی نوێی بواری کۆمەڵایەتی. دوانامەکانی ئاستە جۆربەجۆرەکانی خوێندن، لەوانە ئاستی دوکتۆرا، هەرچی زۆرتر خۆیان لەو بوارانە داوە کە پەیوەندییان بە کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردەوارییەوە هەیە. ئەمە خۆی لە ناخی گەشەی بواری ئاکادێمیک لە کوردستانی ئێران لە ژێر سایەی زیادبوونی ناوەندەکانی خوێندن لە شار و لادێ و هەڵکشانی ڕادەی خوێندکاران لە ئاستەکانی بەرزتری خوێندندا ڕووی داوە.

هاوکات، توێژینەوەکان پشتئەستوور بوون بە گەلێک تیۆری و ڕەوشتناسیی تایبەتەوە بۆ ئەوەی چوارچێوەی نەزەریی خۆیان دیاری بکەن. گەلێک سیستەمی فیکری وەک تیۆریی ڕەخنەگرانەی مەکتەبی فرانکفۆرت، پۆستمۆدێرنیسم و لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی و هتد، بە لێشاو لە توێژینەوەکاندا دەرئەکەون. لەم دواییانەشدا، تیۆرییەکانی دواداگیرکاری (پۆستکۆلونیال)، لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیدار بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، ڕەنگدانەوەی زۆرتریان بووە.

بەڵام لە هەمان کاتــدا، ڕوانین بۆ کۆمەڵگای کوردەواری لە سۆنگەی دیکەشەوە هەبووە. بۆ وێنــە، خوێندنەوەی پەیوەندیی فەرهەنگی لە ئێــران وەک پەیوەندییەکی هێژمۆنیک (واتە نەک موســتەعمەرانە) کە تێیدا ســەروەری بۆ فەرهەنگ و زمانێکی دیاریکراو مســۆگەر کــراوە و هەرجــارە ئــەو پێگــە ســەروەرە بەرهــەم دەهێنرێتەوە. کەوابــوو، لێکۆڵینەوە و دیاریکردنــی ڕوانیــن یا خاڵی دەســپێکی لێکۆڵینەوە پێکەوە دێن.

بــەڵام بە ڕای من ئەو هەوڵانە کێشــەی خۆیان هەبووە. لەگەڵ ئەوەیکە توێژینەوەکان دەســپێکی ســەردەمێکی بەنرخن لە بواری ئاکادیمی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ڕوانینی هەڵە بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتــی درێژەی هەبووە یا قورسایی خراوەتە ســەر تەنها جۆرێک لە تیۆرییەکان. تا ئەو جێگایەی بۆ ڕوانینی هەڵە دەگەڕێتەوە، نموونەکەی درێژەی دابەشکردنی مێــژووە بــە دوو ســەردەمی ســوننەتی و هاوچەرخ. توێژینەوەکان بە گشتی نەیانتوانیوە خۆیان لــە ژێر ئەو دابەشــکردنە کە ئاکامی تیۆرییەکانی نوێسازی و گەشەی دوای شەڕی دووهەمی جیهانییە، ڕزگار بکەن. بۆیە لە زۆر جێگادا، توێژینەوەکان، سەردەمی ئەمڕۆ وەک سەردەمی تێپەڕبوون (گذار) پێناسە دەکەن. لــە لایەکی دیکەوە، هــاوکات لەگەڵ ئەوەی تیۆرییەکانــی دواداگیــرکاری زۆرتر بوونەتە باو، یا بەدەگمــەن بۆچوونە گرینگەکانی ئەو تیۆرییە لە جێگای خۆیــان بەکار دەبرێن یا ئەو بۆچوونانە دەکرێنە پشتیوانەی بۆچوونێکی ڕووکەشانە.

لە خزمەت پەرەپێدان و قووڵترکردنەوەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، ئەم وتارە چەندین ئامانج بۆ خۆی دیاری دەکات. لە بەشــی یەکەمدا، ئەوە شــی دەکاتەوە کە بــۆ پێناســەکردنی کۆمەڵــگای هاوچەرخی کــوردەواری لە ئێران دەبێ ســەرنج بدرێتە دوو ڕەوتی نوێســازیی کۆمەڵایەتی-ئابووری و یەکجۆرســازیی فەرهەنگی کە ڕیشــەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســەرەتای ســەدەی بیستەم. گرینگیــی ئەمە لەوەدایە کــە ئەو دوو ڕەوتە کۆمەڵگایەکــی دایمە لە حاڵی گۆڕان و نەک چەقبەســتوو دەردەخەن و وامان لێ دەکەن کــە لە دۆزینــەوەی جوابی هەمیشــەیی بۆ پرسیارەکان خۆمان بپارێزین. بەدوای ئەمەدا، باســی توێژینەوەکانی ئەم دواییانە دەکەم. لە بەشی دواتردا باســی تیۆرییەکانی نوێسازی و بۆچوونــی یەکڕەهەنــدی (یــک بعــدی) ی ئــەو تیۆرییانە دەکەم کــە بوونە ڕێنمای نوێســازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئافریقا. لە بەرانبــەردا بۆچوونی چەندڕەهەندی وەک بەدیلــی ئــەو تیۆرییانە بــاس دەکرێت. لە درێژەدا، باســی تیۆرییەکانی دواداگیرکاری و هێژمونی فەرهەنگی دەکرێت و هەوڵ ئەدرێت هەڵکێشــێک لەوانە پێک بهێنێت تا خزمەتی ڕەوتــی داهاتووی لێکۆڵینــەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بکات.

ئەم وتارە پشت ئەستوورە بە چەندین ساڵ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کاریگەریی نوێسازیی ئێران لە سەر کۆمەڵگای کوردەواری لە سەدەی بیستەم بە تایبەت لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٠ هەتــا ١٣٥٧ (١٩٧٨-١٩٥٠)؛ ســەردەمێک کە لە ناخیــدا پێکهاتەکانی ئەمڕۆی ئێران و کومەڵگای کــوردەواری قەوارەیان گرتووە. بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی سەرچاوەکان بدۆزێتەوە، ســەرچاوە ئینگلیسسییەکان هەر بــەو زمانە و وەک خۆیان هاتوون و لاپەڕە بە p دیاری کراوە.

## کۆمەڵــگای هاوچەرخی کــوردەواری: ڕەوتەکانی نوێسازی و یەکجۆرسازی

لە ســەر بناغــەی گۆڕانگارییــە مەزنەکانی سەدەی نۆزدەهەم، ســەردەمی هاوچەرخ یا مۆدێرنیتە لە وڵاتانی ئاســیاییدا بە درێژاییی سەدەی بیستەم لە دوو ڕەوتی هاوشاندا خۆی

دەرخست. ئەو دوو ڕەوتە بریتین لە ڕەوتی گۆڕانکاریی ئابووری-کۆمەڵایەتی و ڕەوتی یەکجۆرکردنی فەرهەنگی. بە واتایەکی دیکە نوێسازی (مۆدێرنیزاسیۆن) و یەکجۆرسازی. نوێسازیی دەوڵەت و کۆمەڵگا لە جەرگەی پێکهێنان و قەوارەگرتنی دەوڵەت-میللەتانی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاکامەکەی بوو بە پێکهێنانی ئابوورییەکی واحید لە وڵاتێکی دیاریکراوی نوێدا کە کۆمەڵگاکان و خەڵکانی جۆربەجۆری لە ژێر سەقفێکی ئابووری و سیاسیدا دادەپۆشی. بەڵام ڕەوتی یەکجۆرکردنی فەرهەنگی گەلێک کێشەی مەزنی سیاسیی لێ کەوتەوە و ئاکامەکەی بوو بە کێشمەکێشمێکی درێژخایەنی قەومی-سیاسی-فەرهەنگی لە ئاستێکی بەریندا. ئەمە لە وڵاتی هاوچەرخی ئێران کە وڵاتێکی هەمەفەرهەنگی و چەندمیللیەتییە، ڕێک ئەو ڕەوتە مێژووییە بووە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بووەتە پێناسەی ئێران و، کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکانی ئەو وڵاتەی شکڵ پێداوە. کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردەواری لە ئێران شتێک نییە جگە لە تێکەڵبوونێکی ئابووری-کۆمەڵایەتی لە ئێراندا و بەرگریی سیاسی و فەرهەنگی لە بەرانبەر هەوڵەکان بۆ سڕینەوە و زەوتکردنی مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی خۆی. لە ئاکامی ئەو دوو ڕەوتەدا، کۆمەڵگای کوردەواری هەرچی زۆرتر (یا بەتەواوەتی) تێکەڵی پێکهاتەی ئێران کرا، لە کاتێکدا بووە خاوەن کوردایەتییەکی هاوچەرخ کە بەردەوام لە بەرانبەر یەکجۆرکردنی فەرهەنگی وەستاوە و بۆ بردنەسەرەوەی پێگەی فەرهەنگی و سیاسی (و ئابووری)ی کۆمەڵگاکەی لە هەوڵدا بووە. ئەگەرچی مێژووی سیاسیی سەدەی بیستەم خاوەن گەلێک ڕووداوە کە شیاوی باس و لێکۆڵینەوەن، بەڵام ئەم وتارە بە تەما نییە باسی ئەو مێژووە و ڕووداوەکانی بکات و زۆرتر دەیهەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو خاڵە گرینگە ڕابکێشت کە کێشەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردەواری لە ئێران دەبێ لە ژێر تیشکی ئەو دوو ڕەوتەدا تاوتوێ بکرێن.

ڕەوتە هاوکاتەکانی نوێسازیی ئابووری-کۆمەڵایەتی و یەکجۆرکردنی فەرهەنگی، ڕەوتگەلێکی چەقبەستوو یا وەستاو لە جێگای خۆیان نین. بە پێچەوانەوە، کارتێکردنەکان (دیالێکتیک)، کاریگەری لە سەر یەکتر و پێکەوە بوونیان، ڕەوتێکی مێژوویی بەجموجۆڵ و لە حاڵی گۆڕانی دایمیی شکڵپێداوە، بەجۆرێک کە بە هەمان ڕادە گرینگ، لە هەر سەردەمێکدا کیشە و بابەتی نوێی لە خۆی دەرخستوە و دەرئەخات. بۆ وێنە کارتێکردنی ئەو دوو ڕەوتە لە سەر یەکتر لە بەستێنی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕەزا شا (۱۳۲۰-۱۳۰۵) کە گەلێک بەرنامەی چاکسازی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی بەڕێوە برد، خاوەن کێشە فەرهەنگی و سیاسییەکانی خۆی بووە. بەڵام ئێرانی ساڵەکانی ۱۳۴۰ و ۱۳۵۰ دەبێتە شاهیدی گۆڕانکاریی مەزن و خێراتر لە هەموو ئاستەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ڕووناکبیری و هەروەها بەمیدیایی کردنی کۆمەڵگا واتە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی کەرەسەکانی ڕاگەیاندن وەک تلویزیۆن و سینەما.[۱] یەکێک لە جیاوازییەکانی ئەو دوو سەردەمە تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی، دەکرێ ئەوە بێت کە لە سەردەمی یەکەمدا یەکجۆرکردنی فەرهەنگی لە خزمەت بەسەروەرکردنی فەرهەنگ و زمانی فارسی لە ڕێگای زەبر و زەنگێکی ئاشکراتر بەڕێوە دەچێت. کەچی لە سەردەمی دووهەمدا، بیرۆکەی سەروەریی فەرهەنگی ئەو زمان و فەرهەنگە لە ڕێگای بەنەریتدەرهێنانی (بە نۆرم کردنی) ئەو بیرۆکەیە ڕوو دەدا. بەنەریتدەرهێنان نەک تەنها لە ڕێگای خوێندنی هاوچەرخ و گەلێک گۆڤار و بڵاوکراوەوە، بەڵکوو هەروەها لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە کە زمانی

هەموویان (جگە لە ڕادیۆ کە چەند کاتژمێر بەرنامەی کوردیی هەبووە) فارسی بوو. کەوابوو، گەرەنتی و دابینکردنی سەروەریی فەرهەنگێکی ''بەباندەستکراو''، گەلێک شێوەی نائاشکرا دەگرێتە خۆ کە بۆ تاکەکان وەک ''حەقیقەت'' خۆیان دەردەخەن.

ڕەوتی بەنۆڕمکردنی فەرهەنگێکی دیاریکراو، ڕەوتێک نییە کە بەرەنگاری و بەرخۆدان لە بەرانبەر خۆیدا نەبینێت. بە پێچەوانەوە، بەرەنگاریی زمان و فەرهەنگە پەراوێزخراوەکان، هۆکارێکی گرینگە کە کاریگەرییەکی زۆر لە سەر گۆڕەپانی ململانێی فەرهەنگی دادەنێت. لە ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەتی هاوچەرخی ئێراندا، دەسکەوتەکانی زمان و فەرهەنگی کوردی لە ڕێگای هەوڵدانی چالاکانی فەرهەنگی، مەدەنی، سیاسی، و ئەدەبی بەدی هاتوە. هۆکاری مێژوویش دەوری خۆی گێڕاوە. واتە سەرەڕای زەبروزەنگەکان و هەبوونی پشتیوانییەکی ڕووناکبیرانەی بەهێز کە لە لایەن نەریتێکی وەک ئەوەی مەحموود ئەفشار و گۆڤارەکەی(آینده) نوێنەرایەتی دەکرا، بیرۆکەی مێژوویی ئێران خۆی بە قەوم/میللەتانی پێکهێنەری خۆی پێناسە کردووە و بەم جۆرە مەودای مانەوەی ناو و فەرهەنگی خەڵکانی جۆربەجۆری خۆی ڕەخساندووە. (ئەفشار لە باری زمانییەوە دەکرێ بڵێین ئاتاتورکی ئێران بوو لە ئاستێکی بچووکتردا). بۆ وێنە، ئەفشار لە وتارێک سەبارەت بە یەکیەتیی نەتەوەیی ئێران (وحدت ملی ایران) لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئایەندەدا، داوا دەکات لە پێناو یەکیەتیی نەتەوەییی ئێران، ناوی ئوستانەکان وەک خۆراسان، بەلووچستان، فارس، ئازەربایجان و کوردستان لابچن و لە جێگایان ناوی شیاوتر (واتە ''هاوچەرخ'') دابنێن. ئەم داواکارییە بەرانبەر بە جلوبەرگ و زمانیش دەکاتەوە.[٢] لەبەر ئەو جۆرە داواکارییانە یا هەر هۆکارێکی دیکە، لە یاسای ٩ی مێهری ١٣١٦ دا (٣١ سێپتامبر ١٩٣٧)، ئێران دەبێتە دە ئوستان کە ناوچە کوردنشینەکان بە زۆری لە نێوان ئوستانەکانی چوارەم و پێنجەمدا دابەش دەکرێن. لەساڵی ١٣٣٦دا، ئوستانی کوردستان پێک دێت کە بەشێکی بچووکی ناوچە کوردنشینەکانە، و لە ساڵی ١٣٣٩دا ناوەکان هەمیسان جێگای ژمارەکان دەگرنەوە. (ئەمە داستانی جلوبەرگیشە کە دواتر هەم لە بەر بەرخۆدان و هەم لە ڕێگای دووانەیی مەحەللی-ڕەسمی، جۆربەجۆری جلوبەرگ بەردەوام کرا).

دەکرێ نموونەی زۆرتر بۆ جیاوازیی سەردەمەکان بهێنینەوە بەڵام جەختی ئەم وتارە لەسەر دوو ڕەوتی گۆڕانکاریی ئابووری-کۆمەڵایەتی و یەکسانسازیی فەرهەنگییە لە هەر سەردەمێکدا کێشەی نوێ پێک دەهێنن. لە باری سیاسی و فەرهەنگییەوە، ڕووکەشی ئەو دوو ڕەوتە لە کێشمەکێشمی هێژمۆنی (سەروەری)ی فەرهەنگی و موقاوەمەت لە ژێرەوە خۆی دەردەخات. ئەگەر لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بە پێچەوانەی سەردەمی پەهلەوی، گۆڤاری دووزمانە و کتێبی دەرسی بە کوردی هەیە، یا کۆنگرەی مەشاهیر دەگیرێت، لە بناغەدا (ئەگەرچی هۆکاری دیکە ڕەت ناکەمەوە) ئەوە ڕەنگدانەوەی پاشەکشە و پێشڕەوی لە سنوورەکانی نێوان هێژمۆنی و زەبروزەنگ لە لایەک و موقاوەمەت لە لایەکی دیکەدایە. لێرەدا فەرهەنگی سەروەر بۆ ڕاگرتنی پێگەی بەهێژمۆنکراوی خۆی، ئامادەیە پاشەکشە بکات و مەودایەکی زۆرتر بۆ فەرهەنگی ژێردەست بڕەخسێنێت. بەمجۆرە مانەوەی خۆی وەک فەرهەنگی باندەست لە درێژماوەدا گەرەنتی دەکات.

لە گۆشەنیگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، ئاکامی کارتێکردنی ئەو دوو ڕەوتە، گۆڕەپانێکی پڕجموجۆڵە کە لە بەستێنی جیاوازدا بابەتی نوێ پێک دەهێنێت بێ ئەوەی جوابی حازر و ئامادە پێشکەشی تویژەر بکات. بە ڕای

من ئەمـــە گرینگترین بابەتە کـــە وا دەکات توێـــژەر جوابی پرســـیارەکانی خۆی لە ناخی کارتێکردنی ئـــەو دوو ڕەوتەدا (کە زۆر لایەن و لقـــی دیکەی لێ دەبێتەوە) ببینێتەوە. ئەمە هەروەها خزمەت بەو ئامانجە دەکات تا بواری لێکۆڵینـــەوە کۆمەڵایەتییـــەکان دایمە ڕوو لە گەشە و پڕ تین و تەوژم بمێنێتەوە.

## توێژینەوەی کۆمەڵایەتی

بەســـەرکردنەوەیەکی بـــواری لێکۆڵینـــەوە بـــە ئاســـانی دەری دەخـــات کـــە هەتا ئەم دواییانـــە ئەوەیکە زۆرتر باو بـــووە، توێژینەوە و مێژوونوســـینی سیاسی و کەسایەتیمیحوەر بووە. لەو جـــۆرە توێژینەوانەدا هەموو دیاردە و لایەنێکی کۆمەڵگای کوردی لە سێبەر یان لە خزمەت لایەنی سیاسیدا مانایان پێ دراوە. دیارە ئەمە تەنها پێناسەی کۆمەڵگای کوردی نەبـــووە و بۆ خۆی دیاردەیەکـــی جیهانیترە. ســـەرەڕای ئەمە و هەروەها بە ســـەلماندنی هۆکارەکانی هەبوونی کێشەی قووڵی سیاسی و توندوتیژییـــەکان، لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی، ئەدەبـــی، بـــواری ژنـــان یـــان جنســـیەتی کۆمەڵایەتی، کار و باشـــبژیویی کۆمەڵایەتی، شـــار و لادێ نشـــینی و هتـــد ئـــەو لایەنە گرینگانە بوون کە لە ژێر فشـــاری سیاسەت و کێشەکانیدا دەتلیقانەوە. تەنانەت بێ ئەوەی خۆمـــان بزانین، ئەو لایەنانە پەراوێز خراون یا لە پێناو بیرۆکە یا ئامانجێکی سیاسیدا بەکار هاتـــوون، یا لە ڕەوایەتـــی نەتەوایەتیدا تەنها لـــە خزمەت ''خەباتی نەتەوەیـــی'' کەڵکیان لـــێ وەرگیراوە. بابەتی ژنانـــی کورد زۆرتر لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازانەدا باس دەکرا (یا دەکرێت) نەک لە پەیوەندی لەگەڵ گۆڕانی پێکهاتە جنســـییەکان لە کۆمەڵگای هاوچەرخـــدا. بابەتـــی ژن هەروەها پەراوێزی خەباتی چینایەتی بووە و لەگەڵ ئەوەدا مانای پـــێ دراوە و خۆی بوارێکی ســـەربەخۆی بۆ نەدەســـەلما. لە وتووێژێک لەگەڵ نووسەری

ئەم وتارە، کەسێک کە لە ساڵەکانی ١٣٥٠دا لە دێهاتەکانـــی کوردەواری مامۆســـتا بووە، دەیگێڕێتەوە کە ئاگاداری دیاردەی خەتەنەی ژن بـــووە بێ ئەوەی زۆر شـــوێنی ئەو بابەتە بکەوێت؛ لە بەر ئەوەی گوایا بابەتی سەرەکیتر لەوە هەبووە. ئەمە نموونەی بیرۆکەیەکی زاڵە کـــە چەمکگەلێکی وەک چیـــن و نەتەوە و حیزب دەکاتە شـــەمس کە هەموو بابەتەکانی دیکە دەبێ لە ســـەر هێڵێکـــی دیاریکراودا و بەدەوریدا بسووڕێنەوە. دیارە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە بزانین هـــەر کام لەو چەمکانە ئایا ڕەوان یا نا. مەبەســـت ئەوەیە پێشانی بدەین کە چلۆن بواری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە پەراوێزدا ماوەتەوە.

ســـەرەڕای ئەمە، لە دوو دەیەی ڕابردوودا بواری گۆڕانکاریـــی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕێکی بەرچـــاوی بەخۆیەوە بینیوە. هـــۆکاری ئەوە دەگەڕێتـــەوە بۆ ســـەرهەڵدانی نەســـڵێک لە توێـــژەران لە ئێـــران و کوردســـتاندا. چوونە ســـەرەوەی ڕێژەی خوێندکارانـــی زانکۆکان، مامۆستایان و توێژەرانی ئاکادیمیک، گەڵێک لێکۆڵینەوەی بەنرخی لێ کەوتووەتەوە.[٣] ئێمە ئێستا خاوەن گەڵێک توێژینەوەین سەبارەت بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی سەردەمی ''شۆڕشی سپی'' لە ساڵەکانی ١٣٤٠ و ١٣٥٠، هەروەها سەبارەت بە گۆڕانکاری لە بوارەکانی خوێندن، مێژوویی، فەرهەنگی، جەمعییەتی، بێهداشت/ تەندرووســـتی، جنســـیەتی، کۆمەڵایەتـــی و ئەدەبی کە ســـەردەمی دوا-ڕاپەڕینی ١٣٥٧ دەگرنـــە خـــۆ. چەندین کتێب لـــەو بوارانەدا چاپ کـــراون و زۆر وەرگێڕانی بەنرخیش لە ژێر بابەتی تیۆری و شێوازناسی و کۆمەڵناسی پێشـــکەش کـــراون. وەک ڕەوتێکی هاوکات، ڕێژەی خوێندکار و توێژەری ژن بە ڕادەیەکی بەرچـــاو زیـــادی کـــردووە و بەشـــێک لەو هەوڵانە لە لایەن ئەوانـــەوە دراوە. ئەم ڕەوتە سنوورەکانی لادێ و شاری بەزاندووە. لەگەڵ ئەمـــەدا هەتا هاتووە کۆبوونەوە و ســـمینار و

کۆنفرانس لە سەر ئەو بابەتانەی کە دەتوانین لە ژێر چەتری ''لێکۆڵینەوەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی'' جێگایان بۆ بکەینەوە، زیادی کردووە. ئەمانە دەسکەوتگەلێکی بەنرخن و لە یەک وشەدا دەتوانین بڵێین کە لێکۆڵینەوەی بواری کۆمەڵایەتی وەک بوارێکی سەربەخۆ، قەوارەی بە خۆی داوە و هەتا هاتووە جێگای خۆی قایم تر کردووە. بەداخەوە ئەم هەوڵانە لە بواری لێکۆڵینەوەکانی کوردی و ئێرانی لە دەرەوەی ئێران لانیکەم بە تەواوەتی دانیان پێدا نەهێنراوە. لە بەر ئەوەی (لە ناو گەلێک هۆکاری دیکەدا) ئەو جۆرە بوارانە زۆرتر سەرقاڵی هەمووخەمەکانی بوارەکانی لێکۆڵینەوە لە ئورووپا و ئامریکان یا لە قەفەسەی تیۆریی دوا-داگیرکاری (ئەگەرچی بەنرخ و گرینگن) خۆیان قەتیس کردووە و ناتوانن لە کێشەکانی ئێرانێکی چەند فەرهەنگی/میللیەتی تێبگەن. کەموکوڕییەکان لەم پەیوەندییەدا لە گۆڤارەکانی Kurdish Studies و Iranian Studies دەردەکەون کە پێناسەیەکیان کەم بوونی وتارە لە سەر کوردستانی ئێران. ئەگەر بڕوانینە تێزەکانی دوکتۆرا، ئایا دەتوانین هەوڵێکی بەرچاو و چالاک لە خزمەت لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی بدۆزینەوە؟ بە زۆرینە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە لە ئێراندا ڕوویان داوە و توێژەران هاوکات لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، درێژەیان بە توێژینەوە داوە.

سەرەڕای سەلماندنی ئەو هەوڵانە، وا هەست دەکرێت کە خاڵەکانی دەسپێکی "شێوازناسی"ی توێژینەوە لانیکەم بەتەواوەتی لە جێگای خۆیان نین. لێرەدا مەبەستی ئەم وتارە زۆرتر بۆ ئەوەیە تیشک بخاتە سەر بۆشاییی نەبوونی هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە لە تیۆرییەکانی گەشە (توسعە) و نوێسازی (مۆدێرنیزاسیۆن)، بە ئامانجی گرینگیدان بە بۆچوونەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی کە بە جۆرێکی چەندڕەهەندی دەڕواننە کێشەکانی کۆمەڵگا. لە هەمان کاتدا، دیاردەی دووپاتکردنەوەی تیۆرییەکان لە وتارەکان و کۆتانامەکانی زانستگاکان دەبینین کە لە دەقێکی دوور و درێژدا چۆنییەتیی ئەو تیۆرییانە دووپات دەکەنەوە، لە حاڵێکدا چوارچێوەی نەزەری بۆ ئەوەیە کە بڵێت بۆ چ مەبەستێک ڕیسالەیەک لە بۆچوون و تیۆرییەکی دیاریکراو کەڵکی وەرگرتوە. واتە خۆی نەکاتە شوێنێک بۆ شیکرنەوەی تیۆرییەکی دیاریکراو یا هەوڵ بدات ئاستی زانایی نووسەر دەربخات. ئاستی زانست و توانایی فیکریی نووسەر، تەنها لە ناخی لێکدانەوەدا دەردەکەوێت نەک لە ڕێگای دووپات کردنەوەی وتەی کەسانی دیکەوە. لەم بەشەی دواییدا ئەم دوو لایەنە شی دەکەمەوە.

## سەردەمی هاوچەرخ و بەهاوچەرخ کردن[۴]

تیۆرییەکانی گەشە و نوێسازی کە بە دوای جەنگی دووهەمی جیهانیدا سەریان هەڵدا، دەورێکی گرینگیان لە بەرنامەکانی ناوەندگەرا و شار-میحوەری دەوڵەتی ئێراندا گیڕا.[۵] لە هەمان کاتدا "نوێسازی" و "گەشە"، تێگەیشتنێکی گشتییان لە گۆڕان وەک ڕەوتی گواستنەوە (گذار) لە "دابونەریت" (سنت) بۆ "هاوچەرخ" (مدرن) جێ خست. ئەم دووانەیە لە ڕێگای کۆمەڵناسیی ماکس وێبەرەوە گشتگیر کرا.[۶] ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە لە لێکۆڵینەوەکانی بواری کۆمەڵایەتیی کوردیدا هێشتا بەدی دەکرێت.

نەریتخواز (سنتی) و هاوچەرخ (مدرن) دوو چەمکی خاوەن مانای دیاریکراو و ڕوون نین. هەر وەک ڕەینارد بێندیکس شیی دەکاتەوە، ئەو دوو چەمکە یەکتریش پووچەڵ ناکەنەوە. لە لێکۆلینەوەیەکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی بریتانیا لە نێوان دوو جەنگی جیهانیدا، توێژەرێک دەڵێت کە ''هەموو سەردەمەکان سەردەمی گواستنەوەن'' و ڕەچەڵەکی زۆرێک

لە گرنگترین پێناسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی پێشووتر.[٧] کەوابوو، بە پێی ئەو توێژینەوەیە، تێگەیشتن لە سەردەمێک هاوکات لەگەڵ سەلماندنی ئەو ڕاستییەدایە کە ئەو سەردەمە "هەم کۆتاییە و هەم دەسپێکەرە، سەردەمێکە کە بابەتەکانی ڕابردوو هەمان دەوری گرینگ دەگێڕن کە بابەتەکانی کۆمەڵگای نوێ دەیگێڕن".[٨]

لە سەدەکانی هەژدە و نوزدەهەمدا، وشەی نوێسازی بەرانبەر بوو لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پێکهاتێک بوو "لە بەرەوپێشچوونی ئابووری و سیاسیی ژمارەیەک لە کۆمەڵگا پێشرەوەکان و لە درێژەدا گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگاکانی دیکەدا".[٩] گۆڕانکاریی خێرای کۆمەڵایەتی، ئاکامەکەی بوو بە سەرهەڵدانی کۆمەڵناسیی نوێ کە پێشەنگەکانی بریتی بوون لە کارڵ مارکس، ئێمیل دوورکەیم و ماکس وێبەر کە بە گشتی لە دەوری ئەو بابەتانە و ئانتی تێزانە خولیان دەخوارد کە ئاکامی ڕەوتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بوون.[١٠] بەڵام لە هەمان کاتدا تێگەیشتنێکی ساکارانەی نەریتخواز لە بەرانبەر هاوچەرخ پێک هات. ئەو خوێندنەوە ساکارە ئاکامی "خوێندنەوەیەکی ئایدیۆلۆژییانەی جیاوازیی دابونەریت و هاوچەرخ و هەروەها بەگشتکردنی ئەزموونی ئورووپایی بوو".[١١] ئەو بەگشت کردنە، مۆدێلێکی (پارادایم) لێ کەوتەوە کە سەردەمی هاوچەرخی (مدرنیتە) وەک شارستانییەتی نوێی ئورووپا و ئامریکای باکوور و ڕەوتی گەشەی ئەوان پێناسە دەکرد. سەردەمی هاوچەرخ وەک شارستانییەتێکی نوێ لە پەناوە ئاماژەیە بە بێ وێنە بوونی خۆی لە مێژووی مرۆڤدا و خۆی لە سەر هێمایەکی پۆزێتیڤ دامەزراندووە کە "فەرهەنگی هاوچەرخی ڕۆژاوا حەزی لێیە بیداتە خۆ".[١٢] سەردەمی هاوچەرخ بە گشتی وەک "سیستەمێکی پێکەوە لکاو یا بەستەیەکی بازرگانی لەگەڵ کۆمەڵێک خاڵی خۆ-پێناسەکراو" ناسراوە.[١٣] لە درێژەدا و بەدوای جەنگی جیهانیی دووهەمدا، نوێسازی زۆرتر وەکوو بەرنامەکانی دەوڵەت بۆ نوێکردنەوەی وڵاتە نارۆژاواییەکان لە سەر بناغەی پارادایمی تیۆرییەکانی نوێسازی پێناسە ئەکرا.

تیۆرییەکانی نوێسازی لە باری نەزەرییەوە شێوەیەکی نوێ و بەهێزی فکرییان سەبارەت بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان جێ خست. لە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لەو شێوەیە، زانایانی بواری کۆمەڵایەتی لە ئامریکا هەوڵیان دەدا لە چۆنایەتیی و داهاتوی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها ئاسیا و ئافریقا و ئامریکای لاتین تێبگەن.[١٤] ڕەچەڵەکی ئەو مۆدێلە بۆ کۆمەڵێک گریمانەی هاوبەش سەبارەت بە چۆنایەتی و ڕەوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەگەڕایەوە.[١٥] لە باری فکرییەوە، سەرچاوەی ئەو تیۆرییانە دەگەڕایەوە بۆ نەریتێکی فکری کە جیاوازییەکی توندی لە نێوان ڕۆژاوا و باقی دونیا پێک دەهێنا. لەم ڕەوتەدا، هەر وەک لە کارەکانی هامیلتۆن گیب و بێرنارد لوییز دا دەردەکەوێت، دووانەی پێشوو لە نێوان شارستانییەت و وەحشیگەری، جێگای خۆی بەخشی بە دووانەیی لە نێوان نەریت و هاوچەرخدا کە خۆی، هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، لە کۆمەڵناسیی ماکس وێبەرەوە سەرچاوەی دەگرت.[١٥] بە پێی وێبەر، کۆمەڵگای نەریتخوازی "ڕۆژهەڵات"، دەبێ ڕێبازی یەکخەتیی شارستانییەت شوێن بگرێت، ڕێبازێک کە کۆمەڵگاکانی ڕۆژاوا گوایا بە سەرکەوتوویی تێپەڕیان کردووە، هەتا بتوانن بگەنە پێناسە هاوچەرخەکان و کۆتایی بە دواکەوتوویی بهێنن.[١٧]

لە باری ئاکادیمییەوە، تیۆرییەکانی نوێسازی، ئاکامی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بوون کە خۆیان لە بزووتنەوەکانی سەربەخۆییخواز، سەرهەڵدانی

وڵاتانی نوێی دوائیستێعماری و لەوانە گرینگتر سەرهەڵدانی ئامریکا وەک زلهێزێکی جیهانی دەردەخست. لە جەرگەی زیادبوونی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کە کۆمەڵێک تیۆریی نوێسازییان بەرهەم هێنا، نوێسازی بووە واژەیەکی نوێباو.[١٨] ئەو تیۆریيانە لە سەر بناغەی تیۆرییەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی (تکامل اجتماعی) دامەرزابوون و لێکۆڵینەوە ئەهلییەکان لە ئامریکایان ڕێنوێنی دەکرد. بە پێچەوانەوە، لە ئورووپا تیۆریی گەشەی کۆمەڵایەتی "بۆ تەفسیری پێکدادانی وڵاتانی سەنعەتی و پێشکەوتووی ڕۆژاوا و فەرهەنگەکانی ناوچە داگیرکراو و ناسەربەخۆکانی ئافریقا و ڕۆژهەڵات بەکار دەبرا."[١٩] لە جەرگەی شەڕی سارد دا، تیۆرییەکانی گەشەی سیاسی (توسعە) لە بەرانبەر مارکسیسمی زاڵدا هێنرانە ئاراوە. هۆکاری ئەمە ئەوە بوو کە ئەو بۆچوونانەی وا بە مارکسیستی دەناسران، گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان گرێ دەدا بە نایەکسانیی ئابوورییەوە و بانگەوازی چاکسازیی زەوی و داوای بەرنامەی دەوڵەتی بۆ گەشەی ئابووریيان دەکرد؛ ئەمانە دواجار لە لایەن حکوومەتە ڕۆژاوادۆستەکانەوە قۆزرانەوە و بە مەبەستی سیاسی بەڕێوە چوون.[٢٠] نموونەی ئەوە لە ئێراندا شۆڕشی سپی (١٩٧٨-١٩٦٢)ی حەمە ڕەزا شا بوو. وەک کەسایەتییەک کە نوسخەی بۆ نوێسازیی پادشاییە نەریتخوازەکان دەنووسی، ساموێل هانتینگتۆن سەرەڕای ئەوە بە دروستی دەڵێت لە حاڵێکدا کە ئامانجی پادشا نوێخوازەکانی سەدەی نۆزدەهەم "بەرپەرچدانەوەی ئیمپریالیزم" بوو، ئامانجی ئەوانەی سەدەی بیستەم "بەرپەرچدانەوەی شۆڕشە".[٢١] تا ئەو جێگایەی بۆ ئێران دەگەڕێتەوە و هەر وەک توێژەران سەرنجیان داوەتێ، شۆڕشی سپی لە هەوڵەوە کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بە شۆڕش و کودیتاکانی ناوچەکە بۆ پاراستنی ڕێژیمی پەهلەوی و بۆ بەرگرتن لە شۆڕش لە خوارەوە.[٢٢] زۆرێک لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پێکهاتەکانی ئایدیۆلۆژیی شۆڕشی سپی هەن کە بە دروستی نوێسازییەکەی وەک گەشەیەکی نارێک (ناموزون) دەناسێنن.[٢٣]

لە دەیەکانی دوای جەنگی دووهەم کە نوێسازی لە وڵاتانی ئێران، تورکیا، عێراق، میسر و باقی وڵاتانی ئافریقا گەشەی خێرای بەخۆیەوە بینی، نوێسازی هەرچی زۆرتر وەک تێپەڕبوون (گذار) بۆ مۆدێرنیتەیەکی ئورووپا-میحوەر پێناسە کرا. بە پێی ئەو تێگەیشتنە، هەموو وڵات و فەرهەنگێک جیا لە زەمان و جێگا، دەبوا بەجۆرێک ئەو هەلومەرجانە پێک بهێنێت کە پێناسەکانی سەردەمی هاوچەرخن، تاکوو بتوانێت بە سەرکەوتوویی نوێسازی بە ئەنجام بگەیێنێت. بەڵام وەک بێندیکس دەڵێت، "پێشتر و دواتر" دەبێ وەک "ئامرازی شیکاری و شرۆڤە" نە وەک ئامرازێک بۆ پێشبینی کردنی دوارۆژی وڵاتانی "ڕوو لە گەشە" چاو لێ بکرێت.[٢٤] لەم گۆشەنیگایەوە و تا ئەو جێگایەی بۆ بواری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگای کوردەواری دەگەڕێتەوە، چەمکەکانی مۆدێرنیتە، دابونەریت و نوێسازی، دەبێ هەرچی زۆرتر لە ژێر تیشکی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە تیۆرییەکانی نوێسازی و گەشە، تاوتوێ بکرێن هەتا توێژەر خۆی لەو بۆچوونانە بپارێزێت کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەک ڕەوتی گواستنەوە پێناسە دەکەن. دانیەل بێرنێر یەکێک لە داڕێژەرانی تیۆرییەکانی نوێسازی، نوێسازی و گواستنەوە هاوتا و هاومانا ئەکات. لە کتێبەکەیدا (١٩٥٨) دەڵێت، نوێسازی "ڕێڕەوێکە" لە دۆخێکی نالەبار و دواکەوتوو بۆ دۆخێکی پێشکەوتوو و هاوچەرخ. پێناسەی ئەو ڕێڕەوە دووانەییەکی نابەرابەرە کە بۆ نموونە لەمانەدا خۆی دەردەخات: "گوند بەرانبەر شار، زەوی بەرانبەر پووڵ (نقدینگی)، بێسەوادی بەرانبەر ڕووناکبیری، داتەپین

بەرانبەر خاوەن ئاوات بوون، تەقوا لە بەرانبەر وروژان".[٢٥] کەوابوو گۆڕان لە یەکێک لەمانەوە بـۆ ئەوی دیکە ئەو ڕێڕەوەیە بۆ تێپەڕبوون لە کۆمەڵگای نەریتخواز.

لە بەرانبەر ئـەو بۆچوونەدا کە بانگەوازی هەڵوێسـتێکی یەکڕەهەندی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتـی دەکات، لێکـــۆڵینەوەی کۆمەڵایەتـی دەبـێ پشتئەسـتوور بێت بە هەڵوێست و خوێندنەوەیەکی چەندڕەهەندی یان هەمەلایەنەتر کە تێیدا هەموو چەمکەکان بە نیگایەکی ڕەخنەگرانەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ تا هەم وەک حەقیقەت یا "زانستی" چـاو لێ نەکرێن و هەم ببنـە هەڵخرێنەری توێژینەوەی زۆرتر و بنەڕەتیتر لە دیاردەکانی کۆمەڵگا. بەمجۆرە، بەردەوامبوونی لێکۆڵینەوە زەمانەت دەکرێت و سەرهەڵدانی توێژینەوە لە بابەتی جۆربەجۆر هەم گەشـە دەکات و هەم تین و تەوژمێکی بەردەوام بۆ بواری توێژینەوە بە دیاری دەهێنێت.

## جیاوازیـی ڕوانینـە یەکڕەهەندی و چەندڕەهەندییـەکان بـۆ توێژینەوەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی کـــۆمەڵگای کوردی

ڕوانینـی یەکڕەهەنـدی لـە سـەر بناغەی تیۆرییەکانی نوێسازی و گەشە ڕاوەستاوە، لە کاتێکدا ڕوانینی چەندڕەهەندی یا هەمەلایەنە لە سـەر بناغەی تیۆرییەکانـی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی دامەزراوە. هەر کامەیان خاوەن مێکانیزمەکانی سـەرەکیی خۆیانن و لە ڕێـگای کۆمەڵێک پێکهێنـەر (عناصر) و بۆچوونـی دیکەوە لـە یەک جیـا دەبنەوە. ڕوانینی چەندڕەهەندی سـەرنج دەداتە ڕەوتە مێژووییـەکان و فەرهەنـگ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و نایهەوێ تەنها مۆدێلێک لە جێگای مۆدێلێکی دیکەدا دابنێت.

مێکانیزمەکانـی نوێسـازی(ی دەوڵەتی) بریتین لـە دەوڵەت وەک ڕۆڵگێـڕێ تەنها، دامەزراوەکانـی بەهاوچەرخکـردن (بۆ وێنە خوێندن، تەندروستی)، بەڕێوەبردنی بەشەکانی دیاریکراوی نوێسـازی و مودێلی گەشـەی ڕۆژاوایـی. هاوکات ئەم ڕوانینە یەک لایەنەیە ژمارەیەک کۆسپ و لەمپەر لە بەرانبەر گەشە (توسـعە)دا ناو دەبات کە دەبـێ دەوڵەت و کاربەدەستان سەرنجیان بدەنێ. ئەوانە دەتوانن بریتیـی بن لە نەبوونی سـەرمایەی گەورە و بێبـەری بوون لە تێکنۆلـۆژی و دامەزراوە و بایەخە نوێـکان. لەمپەرەکانی دیکە هەروەها بریتیین لـە موقاومەتی فەرهەنگی، هەبوونی بایەخە ئایینیـی و ئەخلاقییەکان کە تەگەرە ئەخەنە سەر ڕێگای تاک کە ئامانجی دەست گەیشـتن بە پێشـکەوتنی مادییە. بۆچوونی یەک لایەنـە، کۆمەڵگا و مرۆڤـی نەریتخواز پۆلێن (کاتەگۆری) دەکات و پێناسـەیان بۆ دیاری دەکات: چەقبەسـتوو، گەشەنەکردوو، لادێیی و چینی جوتیاری ناچالاک (پاسـیو)، خاوەنی دابەشـکردنێکی ساکاری کار لە سەر بناغەی "یەکگرتوویی میکانیکی"، خورافاتی، پیاوسـالار و دواکەوتوو. هەر بـەم پێیەش، ئینسـانی نەریتخواز کەسـێکی بەمجۆرەیە: ناعەقڵانی، ڕووکردوو لە دامەزراوە و شێوەکانی ژیانی کـۆن، گوێ نەبیس (غیـر انظباطی)، سـڵەماو لە ئەزموون و تێگەیشتن و بایەخی نـوێ، و گیرۆدەی دابەشـبوونێکی سـادە و ناپیشەیی کار.[٢٦]

لە ڕوانینی یەک لایەنـەدا، پێکهێنەرانی نوێسـازی کە بە پێی مۆدێلەکانی گەشـە بە تایبـەت لە وڵاتە یەکگرتـوەکان و ئورووپای ڕۆژاوا دیاری کراون، بە گشـتی دەتوانین لە ژێر دووبۆچوونی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی-ڕەوانی (sociopsychological) ڕیزیان بکەین. لـە بۆچوونـی دامەزراوەییـدا، پێکهێنەرانی ئابووری بریتیین لە: سەنعەتیکردن، گەشەی جەمعییـەت، بەکارهێنانـی تێکنۆلۆژییـای زانستی، لێهاتووکردنی هێزی کار لە ئاستێکی بەرز، شارسـازی، خوێندنی نوێ، بەسـکۆلار

کردن، تەندروستی، میدیای پێشکەوتوو، بەچین و توێژ دەرهێنانی کۆمەڵگا (بە گشتی بە مانای سیستەمێکی نابەرابەری دامەزراو لە سەر چین و مەقام) و جیاسازیی کار (تفکیکسازی).[٢٧] پێکهێنەرە سیاسییەکان گەلیک خاڵ دەگرنە خۆ کە گرینگترینیان بەعەقڵانییەت دەرهێنانی ئۆتۆریتە و بەناوەندکردنی دەسەڵاتە. (ئەمە نابێ جێگای سەرسوڕمان بێت کە هەموو دەوڵەتە هاوچەرخەکان بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شکڵێکی دیکتاتۆرییانە و سەرکوتکەرگەرانەیان بەخۆوە گرت). لە بۆچوونی کۆمەڵایەتی-ڕەوانیدا، جەخت ئەکرێتە سەر پێکهێنەرانی فەرهەنگی و فکری. بە واتایەکی دیکە، ئەو بۆچوونە ڕوو دەکاتە بەهاوچەرخکردنی تاک. لێرەدا "هاوچەرخ" دەبێتە سێندرۆم (واتە گروهێک لە نیشانەکان کە پێکەوە ڕوو دەدەن) بە گەلێک کەیفییەتی دیاریکراوی خۆیەوە، بەهاوچەرخکردنی هەم شێوەی بیرکردنەوە و هەم هەستکردن، دەبێتە مەبەست؛ بانگەوازی گۆڕانی ڕەوشت و بایەخ و تێگەیشتنەکان دەکرێت؛ هاوچەرخ (مۆدێرن) دەبێتە سفەت و ڕۆحی مرۆڤ، دەبێتە دیاردەیەکی مەعنەوی، دەبێتە عەقڵییەت.

کەوابوو، بە پێی ئەو شیکردنەوەیەی سەرەوە نابێ پێناسەکردنی کۆمەڵگا و مرۆڤی هاوچەرخ کاریکی زەحمەت بێت. بە پێی ڕوانینی یەکڕەهەندی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، دەسەڵات بەناوەند کراوە و هەموو کەس تابیعی دەوڵەتە، لە کاتێکدا شارنشینیی و پیشەسازی پەرەیان سەندووە و عەقڵانییەت و زانستیش ئەو کۆمەڵگایە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی پێشووی خۆی جیا دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا ئەو کۆمەڵگایە گوایا سکۆلارە، بەو مانایە کە دین پەراوێز خراوە و هتد. ئینسانی هاوچەرخیش بە پێی ئەو بۆچوونە تاکێکی سەنعەتییە، گوێبیستە، لە ژێر سێبەری سیستەمێکی عەقڵانیدا دەژیت و گیرۆدەی بوروکراسییە، کرێکاری کارخانەیە و کەسایەتییەکەی لە کارخانەدا شکڵ دەگرێت. لە کۆتاییدا، هەموو ئەمانە پێویستیان بە کەیفییەتگەلێک هەیە کە تاک لە بەرانبەر ئەزموونی نوێدا، کراوە ڕادەگرن و وای لێ دەکەن بایەخ بە زانینی تەکنیکی بدات (یا لە ڕاستیدا ببێتە بەشێک لە ئامرازەکانی سەنعەت)، خوێندەوار بێت و لە تێکەڵ بوون لە سیستەمی ئاڵۆزی کار سڵ نەکات.[٢٨]

## ڕوانینی چەندڕەهەندی

بە پێچەوانەوە، ڕوانینی چەندڕەهەندی کە لە ژێر تیشکی تیۆریی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخات، بەجۆرێکی بنەڕەتی لە ڕوانینی یەکلایەنە جیا دەبێتەوە. ئەگەرچی مێکانیزمە سەرەکییەکان، وەکوو دەوڵەت و بەرنامەی ئابووری و دامەزراوە نوێکان، دەتوانن خاڵی هاوبەش لەگەڵ ڕوانینی یەکلایەنە بن. بۆچووونی هەمەلایەنە بایەخ بە گرنگیی پێکهێنەران یا هۆکارەکانی پیشەسازی، تەندروستی، شارسازی، بەسکۆلارکردن و سیاسیکردنی کۆمەڵگا دەدات. بەڵام هەم ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی بەرانبەر ئەو هۆکارانە هەیە و هەم شک و گومان دەخاتە سەر پەیوەندیی نێوانیان. بۆچوونی هەمەلایەنە، بە وتەی ئیلان پاپە، "ئەو لۆژیکە دەباتە ژێر پرسیار کە لە نێوان ئەو هۆکارانە و نوێسازیدا پێک دەهێنرێت".[٢٩] بۆچوونی هەمەلایەنە خاوەن چەند هۆکاری دیکەیە کە تیۆرییەکانی نوێسازی بایەخی پێ نادەن. ئەوانە بریتین لە دەورگێڕانی هۆکاری نادەوڵەتیی گۆڕان (واتە کەسایەتییەکان، بزووتنەوەکان)، و هۆکارەکانی سەردەم و بەستێنی مێژوویی و بەشداریی سیاسی و فەرهەنگیی جەماوەر. لە درێژەدا، تا ئەو جێگایەی بۆ کۆمەڵگای کوردەواری دەگەڕێتەوە، دەبێ سەرنج بدرێتە دوو کۆمەڵەهۆکار کە هەر کامەیان دابەش دەکرێن بە سەر گەلێک هۆکار و پێکهێنەری

دیکەدا.

یەکـــەم کۆمەڵەهـــۆکار ئەوانـــەن وا لە باری کۆمەڵایەتی و سیاســـییەوە کۆمەڵگای کوردەوارییـــان زۆرتر بە ئێرانـــەوە گرێ داوە. ئەم هۆکارانە لانیکەم خاوەن سێ لایەنن: **١** ئاکامی ڕەوتی نوێســـازی دەبێتە دەوڵەتێکی ناوەندگەرا و ســـەرکوتکەر کـــە کردارەکانی کۆمەڵـــگای هاوچەرخی کوردەواری شـــکڵ پـــێ دەدەن؛ **٢** بەســـتێنە مێژووییـــەکان کـــە تیۆرییەکانـــی نوێســـازی بەتەواوەتی لە چاو ونیـــان دەکـــەن. ڕووداوە مێژووییەکان لـــە ناوخۆ و ناوچـــە و جیهانـــدا کاریگەریی مەزنیان لە ســـەر کۆمەڵگا بەجێهێشتوە. هەم بایـــەخ و بیرۆکەی نوێیان لـــێ کەوتووەتەوە، هـــەم کۆمەڵگا لە هەر ســـەردەمێکیدا بووەتە خـــاوەن نەســـڵ و کۆڕوکۆمەڵی سیاســـی و فەرهەنگیی خۆی و تێگەیشتنی جەماوەریش گەشەی کردووە؛ **٣** هۆکارەکانی نادەوڵەتیی گـــۆڕان. وەک هۆکارێکی دیکە، لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە مێژوویی و سیاســـی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییانـــەدا، دەورگێڕانـــی نادەوڵەتیی گـــۆڕان، دەوری گرینگیان گێـــڕاوە. لێرەدا لە جیاتی ئـــەوەی دامـــەزراوە "نەریتخواز"ەکان بســـڕدرێنەوە و هیچیـــان بـــۆ نەســـەلمێت، بۆچوونی هەمەلایەنە، پەیوەندییەک لە نێوان ڕابردوو و ئێســـتادا پێک دەهێنێت. بۆ نموونە خوێندنی هاوچەرخ لە ڕێگای ســـەرکوتکردن و ناوزڕاندنی مەدرەسە مێژووییەکانی حوجرە و خانەقا پیـــرۆز دەکرا، لە کاتێکدا زۆرێک لە هۆکارەکانـــی نادەوڵەتیی گـــۆڕان (بۆ وێنە لە بواری گەشـــەپێدان بە ســـەواد) بریتی بوون لـــەو ڕووناکبیرانە (وەکوو قانیـــع) وا لە وەها شوێنگەڵێک فێری سەواد و زانیاری ببوون.

دووهـــەم کۆمەڵەهـــۆکار بریتییـــە لـــە هۆکارەکانـــی موقاومـــەت لـــە بەرانبـــەر نوێسازییەکی سەرکوتگەرانە و یەکجۆرکردنی فەرهەنگـــی. لە ژێر ئەم بابەتەدا، ناســـنامە و فەرهەنگی کوردی و چارەنووسەکەی لە ڕەوتی نوێســـازیی ئێراندا جێگا دەگرن. لەم بوارەدا، نوێســـازی چەند ئاکامی لێ کەوتەوە. یەکەم بەنەتەوایەتیکردنی ناســـنامە لە سەر بناغەی ناســـنامەیەکی یەکگرتووی ئێرانی؛ دووهەم، بەفارســـیکردنی فەرهەنگ و زمان؛ و سێهەم، سیاسەتەکانی نوێســـازی کە بریتی کران لە داگیرکردنـــی چەکدارانـــەی (نیزامیکردنی) فەزای گشـــتی و دابەشکردنی ئیداریی ناوچە کوردنشـــینەکان. ئاکامی بەنەتەوایەتیکردنی ئێران بریتیی بوو لە ڕەوتگەلێکی درێژخایەن وەکوو سەرکوت و پەراوێزخستنی ناسنامەی کوردی، قەدەغەکردنـــی زمانی کوردی وەک زمانێک بۆ خوێنـــدن و ئیدارات. بە درێژاییی ڕەوتی نوێسازیی ئێران، بە تایبەت دوابەدوای جەنگـــی دووهەمـــی جیهانـــی، ئاڵوگۆڕێکی گرینـــگ لـــە پەیوەندییـــە فەرهەنگییەکانی نێوان خەڵکانی ئێران پێک دێت. هۆکارەکانی بەمیدیایـــی کردنی کۆمەڵـــگا، بەنۆڕمکردنی فەرهەنگێکـــی دیاریکـــراو، و بەرخۆدانـــی خەڵکانی دیکە، مێکانیزم یا ئامرازی سەرەکی بـــۆ ئـــەو پەیوەندییانـــە دەکاتـــە هێژمۆنی فەرهەنگیی یەکێک لە گرووپەکانی ناو ئێران بە سەر ئەوانی دیکەدا، یا ئەو ئامرازە زۆرتر و بەتەواوەتی جێ دەخات. هێژمۆنی فەرهەنگی بـــەو مانایە کە دەســـەڵات (ئوتوریتە)، لێرەدا دەســـەڵاتی زمان و فەرهەنگێکی دیاریکراو، نـــەک لە ڕێگای زەبروزەنگـــەوە بەڵکوو زۆرتر لە ڕێگای ڕاکێشـــانی ڕەزایەتی گشـــتییەوە، چنگ دەخرێت. واتە ئێمە هەموومان قەبووڵی دەکەیـــن کە زمـــان و فەرهەنگێـــک لەوەی خۆمان و ئەوانی دیکە دەوڵەمەندترە و شیاوی ئەوەیە کە سەروەر بێت.[٣٠]

کەوابـــوو، لـــە ڕوانینـــی هەمەلایەنـــەدا، کارتێکردنی هەموو ئەو هۆکارانەی ســـەرەوە گرینگـــە و ئاکامـــی خۆیان هەیـــە و ناکرێ بەوجـــۆرەی وا تیۆرییەکانـــی نوێســـازی و گەشـــە، ئاکامی بەرنامەکان هەر لە پێشـــەوە دەخوێننـــەوە، لە پێشـــدا پێشـــبینی بکرێن.

ئاکامەکانی "باش" و "خراپ"ی چاکسازییە دەوڵەتییەکان، پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردیی شکڵ پێ دەداتەوە. لە هەمان کاتدا دەوری هۆکارە نادەوڵەتییەکانی گۆڕان لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا دەسەلمێنێت. لە کۆتاییدا، ڕوانینی هەمە لایەنە، بانگەوازی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئەم چەمک و بابەتانەی خوارەوە یان گونجاندنیان لە لێکۆڵینەوەکاندا دەکات: "نەریتخواز" و "هاوچەرخ"، خوێندنی هاوچەرخ، دامەزراوەکانی بەنوێکردن و تێکەڵکردنی کۆمەڵگا، بەرخۆدانی دامەزراوە ئایینییەکان، سکۆلارسیم، بەسکۆلارکردن، موقاومەت لە بەرانبەر بەسکۆلارکردن، سیاسەتەکانی نوێسازی، تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی، نیزامی جنسییەتی، چاکسازیی زەوی، پیشەسازی، کۆچ بۆ شار، گەشەی ژێرخانی ئابووری، شاری هاوچەرخ، میدیا، بەشداریی سیاسی، و هەروەها بەرخۆدانی سیاسی و فەرهەنگی و چەکدارانە.

## تیۆرییەکانی دواداگیرکاری و ڕوانینی تێوەگلانی فەرهەنگی

جیاکردنەوەی بۆچوونەکانی یەکڕەهەندی و چەندڕەهەندی، پەیوەندییەکی چڕوپڕی بە دیاریکردنی بەدیلی تیۆریک یا دارشتنی چوارچێوەی نەزەرییەوە هەیە. لە ڕاستیدا جەختکردنە سەر ڕوانینی چەندڕەهەندی، دەبێ توێژەر وا لێ بکات کە بە تێفکرینێکی قووڵتر و هەمەلایەنەترەوە دەست بۆ تیۆرییەکان ببات یا تەنانەت وای لێ بکات ڕوانگەیەکی (ئەگەر نە تیۆرییەکی) دیکە یا چوارچێوەیەکی نەزەریی نوێ دابڕێژێت. هەر بەوجۆرەی وا ڕوانینی چەندڕەهەندی بە ورەیەکی کراوە و هەمەلایەنەوە دەڕوانێتە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردەواری، ورەیەکی کراوەتر بۆ بەکارهێنانی تیۆرییەکان و دارشتنی ڕوانینەکان پێویستە.

بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسیيانە، ڕێخۆشکەر و ڕێنوێنی بۆچوونی یەکڕەهەندییە. بەڵام لە پێناو بۆچوونێکی چەندڕەهەندی بۆ توێژینەوە لە سەر گرفتەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردەواری لە ئێران (و تەنانەت لە وڵاتانی دیکەشدا)، دەبێ لە بەکلێشەکردنی ڕوانینەکانی تیۆریی دواداگیرکاری خۆ بپارێزین و ئەو تیۆرییانە لە پێناو تێوەگلانی فەرهەنگی لە وڵاتێکی چەند فەرهەنگییدا بەکار ببەین. لە ڕاستیدا بەکلێشەکردنی ئەو تیۆرییانە وای کردووە کە تێوەگلانی فەرهەنگی کە بەشێکی گرینگی تیۆرییەکانی دواداگیرکارییە، بکەوێتە سێبەرەوە و نەبینرێت.

بەکلێشەکردنی تیۆریی دواداگیرکاری، جێگا بۆ ڕوانینی دیکە خۆش دەکات. یەکێک لەوانە نەتەوەگەرێتییەکە کە بێبەرییە لە زانستی قووڵ بەڵام خاوەن چوارچێوەیەکی بەرتەسکە و زمانێکی نائاکادیمیکی هەیە. بۆ وێنە، ''فارسەکان'' دەخرێنە خانەیەکی دیاریکراو و هەموو وەک ''شۆڤێنیست'' پێناسە دەکرێن. ''ئێران''یش دەکەوێتە ژێر قورسایی بەکارهێنانی نارەخنەگرانەی ''ڕۆژهەڵات'' و پارێز لەبەکارهێنانی هەیە. لە کاتێکدا ئێران پێکهاتەیەکی گرینگی جوگرافی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییە و خاوەن مێژوویەکی دیاریکراوە. لە هەموو ئەو بوارانەدا، کۆمەڵگای کوردەواری لە ئێران (کوردستانی ئێران/ ڕۆژهەڵاتی کوردستان) خاوەن گەلێک خاڵی هاوبەشە. بە هەمان ڕادە گرینگ، ئەگەر ئەو بۆچوونە خاو و خلیسکانە دەیانهەوێت ''ئێران'' وەک پێکهات یا چەمکێک بسڕنەوە، دەبێ جوابی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە ئێمە لەگەڵ ناسنامەی ئێرانی کە بەشێک لە ناسنامەی کورد لە ئێران پێک دەهێنیت، دەبێ چ بکەین؟ لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە ئێران هەم وەک دیاردەیەکی مێژوویی و هەم وەک چەمکێک بەرز بکرێتەوە و ناسنامەی دیکە دابەزێنرێت. مەبەست ئەوەیە بزانین چ

بۆچوونێک (چوارچێوەی نەزەری) دەتوانێت وەک ڕێگایەکی باشتر بۆ جوابدانەوە بەو پرسیارانە ڕەچاو بکرێت.

نموونەی دیکەش دەتوانین بهێنینەوە. بۆ وێنە مردنی شەجەریان، گورانیبێژی بەناوبانگی ئێران، قسەوباسی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. سەرنجڕاکێشترین بۆ من ئەوە بوو کە کلیپێک بڵاو کرایەوە کە تێیدا ئیدیعای ئەوە دەکرا کە شەجەریان گۆرانیی عەلی مەردانی دزیوە! ئاکامی ئەو ئیدیعایانە ئەوەیە کە کورد لە هونەر و مۆسیقادا زۆر لە فارس پێشترە و ئەمە دەبێ ئەوە بسەلمێنێت کە کورد زۆر کۆنترە لەوان. ئێمە دەتوانین لە ڕێگای نموونەی گۆرانی ''کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە/چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە'' بە دەنگی مەزهەری خالقی، تیشک بخەینە سەر ئەم بابەتە. پروفێسۆر ئەمیر حەسەنپوور لە وتارێکی یەکجار بەنرخدا لە ژێر ناوی Wandering in Adalar Sahilinde باسی ڕەچەڵەکی ئەو گۆرانییە دەکات.[٣١] ئەو گۆرانییە بە چەندین زمانی دیکە لەوانە تورکی و یۆنانی و عەرەبی وتراوەتەوە و ڕەچەڵەکی لانیکەم دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە ئەگەر نە کۆنتریش.[٣٢] لەبەر ئەمە دەستنیشانکردنی ئەوەی ئەو گۆرانییە لە پێشدا بە چ زمانێک و چۆن وتراوە دەبێتە کارێکی زۆر ئاستەم و هیچ خەڵکێک ناتوانێت ئیدیعای ئەوە بکات کە ئەو گۆرانییە هی ئەوە. لە هەمان کاتدا دەبێ ئێمە بزانین دەرخستنی ڕاستییەکی بەوجۆرە بە چ مەبەستێکە؟ کەوابوو سنوورەکانی مۆسیقا و هونەر زۆر لەوە بەرفراوانترە کە نەتەوەگەرێتی بتوانیت بەرتەسکیان بکاتەوە. دۆخی مۆسیقا و هونەر لە ئەمڕۆشدا هەر بەو جۆرەیە: سنوور ناناسێت بەڵام ئاستی هونەر و فەرهەنگی خەڵکێکی تایبەتیش دەردەخات. بۆیە خەبات لە دژی بەرتەسک کردنەوەی فەرهەنگی خەڵکانی دیکە لە ئێران، هەوڵێکی ڕەوایە و ئامانجی ئەوەیە تا کۆسپەکانی بەردەم گەشەی توانایی فەرهەنگی و هونەریی خەڵکێک لا ببات. ئەمە بەو مانایە کە شەجەریانیش دەبێ لەو بەستێنە ناوچەییەدا هەڵبسەنگێنرێت. دەنا ئایا دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە گۆرانییەکانی عەزیز وەیسی لە مادەکانەوە بە میرات گەیشتووە و ئاسەواری هیچ فەرهەنگێکی دیکەی پێوە دیار نییە؟ بە پێی چ پێوەرێک دەبێ شێکسپێر و زمانەکەی گرینگ بکرێت، بەڵام گۆرانیبێژانی فارس و زمانەکەیان دابەزێنرێت؟

ڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسییانە هێشتا بۆچوونێکی زاڵی مێژووییە کە تیۆرییەکانی گەشە و نوێسازی، ڕێنوێنیی کردووە و دەیکات. لە ئاستی ڕوانینی مێژوویيدا، بۆچوونی یەکڕەهەندی تا بینەقاقا لە ڕوانینێکی ڕۆژهەڵاتناسییانەدا ڕۆچووە. هەر وەک ئێدوارد سەعید لە کتێبی ڕۆژهەڵاتناسیدا شی دەکاتەوە، ئەو ڕوانینە دوو دونیای ''ڕۆژاوا'' و ''ڕۆژهەڵات'' دادەتاشێت و جیاوازییەکی هەبووناسانە و سیستەماتیک لە نێوانیاندا پێک دەهێنێت. ڕەخنە لە مەکتەبی ڕۆژهەڵاتناسی، یەکێک لە دەسپێکە گرنگەکانی تیۆرییەکانی دواداگیرکارییە. ئەم تیۆرییانەش چوارچێوەیەکی بەهێز و قووڵ بۆ توێژینەوە لە سەر کۆمەڵگاکانی ئەم بەشە لە جیهان، پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و گرووهە کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی ئەو کۆمەڵگایانە دابین دەکەن. بۆ وێنە لە توێژینەوەی هەمەلایەنە و قووڵی سارۆ ئەردەڵان لە سەر سینەمای ئێران (تیشک، ژمارە ٥٨)، تیۆرییەکانی دواداگیرکاری، ڕێنمایەکی بەهێزن بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ڕەخنەیەکی قووڵی هونەری پێشکەش بکەین.[٣٣] بۆ ئەوەی باسەکە درێژتر نەبێتەوە، لە هێنانی نموونەی دیکە خۆ دەپارێزم کە دەتوانن نیشانی بدەن کە چلۆن مێشک و ژیانی ئاسایی لە ڕێگای ئامرازی جۆربەجۆرەوە داگیر دەکرێت و دواجار ئەو داگیرکردنە لە خزمەت دەسەڵاتێکی

دیاریکراودا بەردەوام و تەمەندرێژ دەکرێت. سەرەڕای ئەمە، و بۆ ئەوەی بە بنەماکانی بۆچوونێکی چەندرەهەندی وەفادار بمێنینەوە، دەبێ جیاوازییەکان لە نێوان کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکان لە چاو ون نەکەین. بۆ وێنە دەبێ جیاوازییەکان لە نێوان کۆمەڵگایەکی چەند میللیەتی وەک ئێران بە مێژوویەکی درێژخایەن و هاوبەش لە نێوياندا و وڵاتێکی ڕاستەوخۆ داگیرکراو وەک ئەلجەزایەر لە پێش چاو بگرین. هەروەک لە باسەکانی بیل ئاشکرۆفتدا دەردەکەوێت، تیۆرییەکانی دواداگیرکاری نابێ تەنها لە دەوری ئەوە خول بخوات کە ئایا ''ژێردەستان بۆیان هەیە قسە بکەن'' یا ''ئەوی دیکە'' The Other دەبێ هەتاهەتا ئەوی دیکە بمێنێتەوە.[٣٤]
لە لایەکی دیکەوە، دیتنی ئەو جیاوازی و خاڵە هاوبەشانە، گرینگییەکی دیکەی هەیە. ئەویش دۆزینەوەی بەدیلی دژەهێژمۆنییە. ئێمە ناتوانین لە تیۆری بۆ بۆڵەکردن کەڵک وەربگرین. هەر وەک ئاشکرۆفت جەختی لە سەر دەکات، بەدیل نەک دژایەتیکردن، بەڵکوو تێوەگلانە (interpolation, engagement) لەگەڵ فەرهەنگی دیکە. واتە، بەکارگرتن و کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی فەرهەنگی بەبانتر کراو و ئەو سەرمایە فەرهەنگییەیە کە لە ناخی بەرهەمهێنانی فەرهەنگییەوە بەرهەم هاتوە و بەرهەم دێت.[٣٥] مەبەستی ئەم بەکارگرتن و کەڵکوەرگرتنە شتێک نییە جگە لە بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگیی ژێردەستە و لە پەراوێزخراو بۆ پلەیەکی باشتر و شیاوتری فەرهەنگی، بۆ مسۆگەرکردنی بەرابەریی فەرهەنگی. ئەم بۆچوونەش هەروەک "محەممەد بەزرئەفکەن" و "محەممەد ڕەزایی" لە وتارێکی بەنرخدا باسی دەکەن، بەدیلێکە لە بەرانبەر ئانتاگۆنیسم واتە دژایەتیی فەرهەنگی.[٣٦]
لە کۆتاییی ئەم بەشەدا، مەرجی گەشەی بواری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەوەدایە کە توێژەر پەیوەندیی نێوان ئەو ڕەهەندانە ببینێت تا بتوانێت ئەگەر پێویست کرا بەدیلەکان بۆ ئەمڕۆش دەستنیشان بکات. تا ئەو جێگایەش کە بۆ تیۆرییەکان دەگەڕێتەوە، خۆقەتیسکردن بە تیۆرییەکی دیاریکراو، نابێ ورەی توێژەر پێک بهێنێت. بەپێچەوانەوە، توێژەر دەبێ لە پێناو بەربڵاوترکردنەوەی گۆڕەپانی ڕوانینمان، مەجال بۆ بۆچوونی جۆربەجۆر بڕەخسێنێت.

## کۆتایی

ئەم وتارە، تیشک دەخاتە سەر دوو ڕوانینی سەرەکی بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و داوا دەکات ئەوانە لە ناخی لێکۆڵینەوە لە سەر مێژووی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواری لە ئێران تاوتوی بکرێن. هەر کام لەو ڕوانینانە ئاکامی ڕەوتگەلێکی سیاسی و فیکری و ئاکادیمیکی دوابەدوای جەنگی دووهەمی جیهانین. بەڵام لە هەمان کاتدا، هەر دوو ڕوانینەکە بەتایبەت ئاکامی شکستی بەرنامەی دەوڵەتی بۆ چاکسازیی ئابووری-سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئافریقان. کارێکی زەحمەت نییە پیشان بدرێت کە چلۆن نوێسازییە دەوڵەتییەکان لە وڵاتانێکی وەک ئێران، میسر، عێراق و تورکیا ئاکامی گرینگی سیاسییان لێ کەوتوە کە بە پێچەوانەی حەز و ئامانجی نوێسازییەکان بوون. وەک نموونەیەکی زۆر زەق، دەتوانین پرسیار بکەین کە ئەگەر ''بەسکۆلار کردن''، کۆمەڵگای ''هاوچەرخ''ی لێ دەکەوێتەوە، ئەی بۆچی ئاکامی ئەو ڕەوتە لەو وڵاتانەدا بوو بە ئیسلامی سیاسی؟ زەحمەت نییە دەرک بەوە بکەین کە مەشروتکردنی دەوڵەتی ناوەندگەرا و بە ''عەقڵانییەت'' دەرهێنانی ئۆتۆریتەی سیاسی لە لایەن مۆدێلی یەکرەهەندیی نوێسازییەوە، ڕاستەوخۆ دەوڵەتی سەرکوتگەر و دیکتاتۆری وەک ئاتاتورک و شای ئێران و ئەفسەرانی میسر و بەعسی عێراق و سووریای لێ

کەوتەوە. بە هەمان شێوە، هێنانی ڕواڵەتێکی نوێ لە ژن بۆ ئەوەی ئەو نیزامە سیاسییانە خۆیان وەک کۆمەڵگای هاوچەرخ بناسێنن، بوو بە نەریتێک کە ئەمڕۆش ئاکامەکەی لەوەدا دەبینین کە بۆ بە"سکۆلار" بوون، هێزە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن ڕواڵەتێکی ڕووکەشانە لە گرفتی ژن یا "مافی ئافرەت" لە خۆ پیشان بدەن. لە ئاخرین نموونەدا، لەم دوایانەدا، خەلیفە جەوانەکەی عەرەبستان، وێنەی ژنێکی ئەندامی گرووپی پارێزگاریی لە جلوبەرگی نیزامییدا بڵاو کردەوە. بۆیە بەخشینی مافی شۆفیری بە ژنانی ئەو وڵاتە وەک دەسکەوتێکی مەزن لە وڵاتانی ڕۆژاوادا هەڵای لێ ساز دەبێت لە بەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لەو بەشە لە جیهان لای وا نییە کە ژنانی عەرەبستان، ئێران یا میسر دەتوانن لەوە زیاتر دەورێک بگێڕن. بە هەمان ڕادە گرینگ، دەوڵەت-میللەتان بە درێژاییی سەدەی بیستەم دایمە هەوڵیان دا بزووتنەوەی ژنان لە خوارەوە یا سەرکوت بکەن یا بچووکی بکەنەوە و بیانکەن بە هێزێکی دەوڵەتی. ئەمە بۆ پرسی دینیش هەر بەو جۆرەیە. بە بۆچوونێکی هەڵە، سکۆلاریسم وەک دژایەتی لەگەڵ دین پێناسە کرا، ئەگەرچی ئەو جۆرە دەوڵەتانە زۆرجاریش هێزە ئایینییەکانیان بەکار دەهێنا (وەک بەکارهێنانی تەریقەتەکان لە دژی ئیخوانەکان لە میسر). سکۆلاریسم لە سەر بناغەی جیاییی دین لە دەوڵەت دامەزراوە، بەڵام بە هەمان ڕادە گرینگ، دەبێ بە مانای سیستەمێکی فێرکردن و بارهێنان و لێکۆڵینەوەش چاو لێ بکرێت کە تاکی ڕەخنەگەر پێک دەهێنێت (نەک تاکی "هاوچەرخ" داتاشێت). سکۆلاریسم بەم مانایە ناهێڵێت نەریت و کەسایەتیی مێژوویی، ببنە پەیکەر یا یادگاری مێژوویی کە وەک لەمپەر، ببنە بەربەست لەبەردەم توێژینەوە و ڕەخنە و بەرهەمهێنان لە هەموو ئاستەکاندا.

لە خزمەت باسی ئەم وتارەدا، ئەو وتانەی سەرەوە دەتوانن تیشک بخەنە سەر ڕەوتێکی مێژوویی کە شکڵی داوە بە وڵاتی ئێران بە گشتی و کۆمەڵگای کوردەواری بە تایبەتی. لە هەمان کاتدا، لەم وتارەدا دوو ڕوانینی سەرەکی بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی شی کرایەوە. مەبەست وەگەڕخستنی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییە لە ژێر تیشکی ئەو خوێندنەوە ڕەخنەگرایانە، کە نەک بەجۆرێکی یەکڕەهەندی بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی هەمەلایەنەترەوە توێژینەوە لە سەر بابەتە جۆربەجۆرەکان دەکات. لە پێشکەشکردنی بناغە و پێکهێنەرانی ئەو دوو ڕوانینەدا، گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە ئەو بۆچوونە ڕەخنەگرانەیە دەتوانێت زۆر لایەنی دیکە بدۆزێتەوە کە تا ئێستا باس نەکراون یا گیرۆدەی خوێندنەوەیەکی هەڵەن. ئەمە ڕێک ئامانجی سەرەکیی توێژینەوە بە گشتی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی، پێک دەهێنێت.

## پەراوێز

١. لە سەر بەمیدیاییکردنی کۆمەڵگای هاوچەرخ بڕوانە
J. B. Thompson, Ideology and Modern Culture: Critical Social Theory in the Era of Mass Communication (UK, 1990).

٢. مەحمود ئەفشار، "مطلوب ما: وحدت ملی ایران"، ئایەندە، ژومارەی ١، ١٣٠۴ (١٩٢۵)، لل. ۶-۵.

٣. لە زومرەی ئەو لێکۆڵینەوە بەرینانە بڕوانە:
احمد محمدپور، رسول صادقی، مهدی رضایی، لطیف پرتوی، "نوسازی، خانواده و تجربه گذار جمعیت‌شناسی در کردستان،" پژوهش زنان، دوره ٧، شماره ۴، زمستان ١٣٨٨: ٩٣-٧١؛ احمد محمدپور، مهدی رضایی، "درک معانی پیامدهای ورود نوسازی به منطقه اورامانات کردستان ایران،" مجله جامعه‌شناسی ایران، دوره ٩، شماره ٢-١، تابستان ١٣٨٧؛ سید حسین سراج زاده، امید قادرزاده، جمیل رحمانی، "مطالعه کیفی مذهب و قوم‌گرایی در میان کردهای شیعه، جامعه شناسی ایران، سال پانزدهم، شماره ۴، زمستان ١٣٩٣؛ شهین رعنایی، اصلاحات ارضی در استان کردستان ۵٣ - ١٣۴١: منطق استقرار، پیامدهای اجتماعی و تبعات سیاسی، ١٣٩٧؛ امید قادرزاده، احمد محمدپور و امید قادری، "تجارت مرزی و تفسیر مردم از تغییرات □ جهان‌زیست خانواده،" راهبرد فرهنگ، شماره بیست و دوم، تابستان ١٣٩٢؛ احمد محمدپور ، مهدی رضایی ، لطیف پرتوی و رسول صادقی، "بازسازی معنایی تغییرات خانواده به شیوه نظریه زمینه‌ای: (مطالعه موردی: ایلات منگور و گورک)،" دوره ٨، شماره ١٩، پاییز ١٣٨٨.

۴.سەردەمی هاوچەرخ لە جیاتی مۆدێرنیتە و بەهاوچەرخ کردن لە

جیاتی مۆدێرنکردن بەکار هاتوە.
٥. بۆ تیۆرییەکانی گەشە بڕوانە:
A. Escobar, Encountering Development: The Making and Unmaking of the Third World (Princeton, 1995).
بـــۆ ڕەخنەکان لە نوێســـازی و لە دووانەیی نەریـــت و هاوچەرخ و هەروەها تیۆرییەکانی نوێسازیی بڕوانە:
R. Bendix, “Tradition and Modern Reconsidered”, in Reinhard Bendix, ed., Embattled Reason, Vol. 2 (New Jersey, 1988); I. Pappe, The Modern Middle East (New York, 2005), pp. 1-13; Z. Lockman, The Contending Visions of the Middle East: The History and Politics of Orientalism, 2nd edn. (USA, 2010), pp. 134-48.
٦. بۆ وێنە بڕوانە:
M. Weber, Economy and society: An Outline of Interpretive Sociology (California, 1978).
7. J. Stevenson, British Society 1914-1945 (London, 1984), p. 17.
٨. هەمان جێگا
9. R. Bendix, “tradition and Modernity Reconsidered,” Comparative Studies in Society and History 9, No. 3 (April 1967), 331.
١٠. هەمان جێگا
11. Bendix, ‘tradition and Modernity Reconsidered’, p. 293.
12. L. Cahoone, ed., From Modernism to Postmodernism: An Anthology (Australia, 2003), p. 9.
13. Lockman, The Contending Visions, pp. 137-8.
١٤. هەمان جێگا، ل. ١٣٤.
١٥. هەمان جێگا
١٦. هەمان جێگا، ل. ٨٨.
١٧. هەمان جێگا، لل. ٤١-١٣٤.
١٨. هەمان جێگا، ل. ٢٨٠.
١٩. هەمان جێگا
٢٠. سەبارەت بە گەشەی سیاسیی، بۆ وێنە بڕوانە:
W. W. Rostow, The Stages of Economic Growth: A Non-Communist Manifesto (Cambridge, 1990); S. Huntington, Political Order in Changing Societies (New Haven and London, 1968).
21. Huntington, Political Order in Changing Societies, p. 155.
22. London National Archives بڕوانە بەڵگە لە ئارشیویی لەندەن:
TNA, FO371 157605 EP 1015/123 24 May 1961, quoted in A. M. Ansari, “The Myth of the White Revolution”, in Ali M. Ansari, ed., Politics of Modern Iran, Vol. 2 (London, 2001), p. 262.
23. E. Abrahamian, Iran Between Two Revolutions (Princeton, 1982), p. Ch. 9; A. Amanat, Iran: A Modern History (New Haven, London, 2017), Ch. 10-12.
24. Bendix, ‘tradition and Modernity Reconsidered’, p. 316.
25. D. Lerner, The Passing of the Traditional Society: Modernizing the Middle East (USA, 1958), p. 44.
٢٦. بڕواننە
A. Inkeles and D. H. Smith, Becoming Modern: Individual Change in Six Developing Countries (London, 1974); Huntington, Political Order in Changing Societies; Lerner, The Passing of the Traditional Society; C. Kerr, Industrialism and Industrial Man, London (1962); Pappe, Modern Middle East; N. R. Keddie, “Secularism and State: Towards Clarity and Global Comparison,” New Left Review, No. 226 (1997); M. Waters, Modern Sociological Theory (London, 1994).
27. Stratification and differentiation.
٢٨. بۆ تیۆرییەکانی نوێسازی بڕوانە
Inkeles and Smith, Becoming Modern; Lerner, The Passing of the Traditional Society; Huntington, Political Order in Changing Societies; Kerr, Industrialism and Industrial Man; بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە لە نوێسازی بڕوانە Pappe, Modern Middle East; N. R. Keddie, “Secularism and State: Towards Clarity and Global Comparison,” New Left Review, No. 226 (Nov 1, 1997); Waters, Modern Sociological Theory.
ژمارەیەک لە تیۆرییەکانی نوێســـازی و گەشـــە ئەوە دەســـەلمێنن کـــە ســـەنعەتیکردن مۆدێلێکی یەکجۆر یا واحیـــد نییە و ئاکامەکە بەســـەنعەتبوونێکی هەمەجـــۆر بێـــت و هەلومەرجـــە فەرهەنگی و ئابوورییـــەکان بە پێی هەر وڵاتێک جیاواز بن بەجۆرێک کە بڕێکیان لەوانـــەی موقاومەتـــی زۆرتر لە خۆیان پیشـــان بدەن. ســـەرەڕای ئەمـــە وا دەردەکەوێت کە ”ســـەنعەتیکردن“ لە جیاتی نوێســـازی یـــا بەرۆژاواییکـــردن و ”کۆمەڵـــگای ســـەنعەتی“ وەک بەدیلێک بۆ ”کۆمەڵگای هاوچەرخ“ بەکار هاتوە. بۆ وێنە بڕوانە:
Kerr, Industrialism and Industrial Man, pp. 31-86.
29. I. Pappe, A History of Modern Palestine, 2nd edn. (Cambridge, 2004), pp. 7-8.
٣٠. ئەم خاڵەم لەم وتارەدا زۆرتر شیی کردوەتەوە:
M. Cabi, “The Duality of Official and Local: Historical and Intellectual Foundations,” Middle Eastern Studies (2021). https://doi.org/10.1080/00263206.2021.1891892.
هەروەها بڕواننە ئەم ســـەرچاوە بۆ باسەکانی ساڵەکانی ١٩٦٠/١٣٤٠ لە ئێران لەم پەیوەندییەدا:
رضـــا براهنی، تاریخ مذکر: فرهنگ حاکم و فرهنگ محکوم (تهران، ١٣٦٣). صص. ١٠٦-١٠٥.
31. Amir Hassanpour, Wandering in Adalar Sahilinde, in Joyce Blau l’éternelle chez les Kurdes. Istanbul: Institut français d’études anatoliennes, 2017 (généré le 08 décembre 2017). Http://books.openedition.org/ifeagd/2220.
32. https://www.awene.com/detail?article=7550
٣٣. بڕواننە
ســـارۆ ئەردەڵان، ‘‘ســـینەما و کۆلۆنیالیزم: پیشـــاندانەوەی کورد لە

سینەمای ئێراندا“، تیشک.

۳۴. بڕواننە

B. Ashcroft, Post-Colonial Transformation (New York, 2001), p. 46, and Ch. 2.

۳۵. سەبارەت بە سرمایەی فەرهەنگی بڕواننە:

P. Bourdieu, ‟The Forms of Capital”, in John G. Richardson, ed., Handbook of Theory and Research for the Sociology of Education (London, 1986).

36. M. Bazafkan and M. Rezaei, ‟Othering the Ethnic Groups: A Meta-analysis of Iranian Identity Studies,” The International Journal of Divers Identities 20, No. 2 (2020).

## سەرچاوەکان

لێرەدا نووسەر نەیتوانیوە هەموو لێکۆڵینەوەکان بگونجێنێت کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا بڵاو بوونەتەوە و ڕەنگدانەوەی گەشەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتــی لە کوردســـتانی ئێرانن. ســـەرچاوە ئینگلیزییەکانیش بریتین لە ژمارەیەک لە گرینگترین توێژینەوەکان.


احمد محمدپور، رســـول صادقـــی، مهدی رضایـــی، لطیف پرتوی، ‟نوســـازی، خانواده و تجربه گذار جمعیتشناســـی در کردســـتان،“ پژوهش زنان، دوره ۷، شماره ۴، زمستان ۱۳۸۸.

احمـــد محمدپور، مهـــدی رضایی، ‟درک معانـــی پیامدهای ورود نوســـازی به منطقه اورامانات کردستان ایران،“ مجله جامعەشناسی ایران، دوره ۹، شماره ۲-۱، تابستان ۱۳۸۷.

ســـید حسین ســـراج زاده، امید قادرزاده، جمیل رحمانی، ‟مطالعه کیفی مذهب و قومگرایی در میان کردهای شـــیعه، جامعه شناسی ایران، سال پانزدهم، شماره ۴، زمستان ۱۳۹۳.

شـــهین رعنایی، اصلاحات ارضی در استان کردستان ۵۳ - ۱۳۴۱: منطق استقرار، پیامدهای اجتماعی و تبعات سیاسی، ۱۳۹۷.

امید قـــادرزاده، احمد محمدپور و امید قـــادری، ‟تجارت مرزی و تفســـیر مردم از تغییرات □ جهانزیســـت خانواده،“ راهبرد فرهنگ، شـــماره بیست و دوم، تابستان ۱۳۹۲.

احمـــد محمدپور ، مهدی رضایی ، لطیف پرتوی و رســـول صادقی، ‟بازسازی معنایی تغییرات خانواده به شیوه نظریه زمینەای: (مطالعه موردی: ایلات منگور و گورک)،“ دوره ۸، شماره ۱۹، پاییز ۱۳۸۸.

Abrahamian, E., Iran between Two Revolutions (Princeton, 1982).

Amanat, A., Iran: A Modern History (New Haven, London, 2017).

Ansari, A. M., ‟The Myth of the White Revolution” in Ali M. Ansari, ed., Politics of Modern Iran, Vol. 2 (London, 2001).

Ashcroft, B., Post-Colonial Transformation (New York, 2001).

Bazafkan, M., and M. Rezaei, ‘Othering the Ethnic Groups: A Meta-Analysis of Iranian Identity Studies’, The International Journal of Divers Identities Vol. 20, No. 2 (2020): 1-17.

Bendix, R., ‟Tradition and Modern Reconsidered” in Reinhard Bendix, ed., Embattled Reason, Vol. 2 (New Jersey, 1988).

Bendix, R., ‘Tradition and Modernity Reconsidered’, Comparative Studies in Society and History Vol. 9, No. 3 (April 1967): 292-346.

Bourdieu, P., ‟The Forms of Capital” in John G. Richardson, ed., Handbook of Theory and Research for the Sociology of Education (London, 1986).

Cabi, M., ‘The Duality of Official and Local: Historical and Intellectual Foundations’, Middle Eastern Studies Vol. (2021).

Cahoone, L., ed., From Modernism to Postmodernism: An Anthology (Australia, 2003).

Escobar, A., Encountering Development: The Making and Unmaking of the Third World (Princeton, 1995).

Hassanpour, A., ‟Wandering in Adalar Sahilinde” in Joyce Blau, ed., L'éternelle Chez Les Kurdes [En Ligne (Online, 8 Sep. 2017.

Huntington, S., Political Order in Changing Societies (New Haven and London, 1968).

Inkeles, A., and D. H. Smith, Becoming Modern: Individual Change in Six Developing Countries (London, 1974).

Keddie, N. R., ‘Secularism and State: Towards Clarity and Global Comparison’, New Left Review Vol., No. 226 (1997): 21-40.

Keddie, N. R., ‘Secularism and State: Towards Clarity and Global Comparison’, New Left Review Vol., No. 226 (Nov 1, 1997).

Kerr, C., Industrialism and Industrial Man, London (1962).

Lerner, D., The Passing of the Traditional Society: Modernizing the Middle East (USA, 1958).

Lockman, Z., The Contending Visions of the Middle East: The History and Politics of Orientalism, 2nd ed. (USA, 2010).

Pappe, I., A History of Modern Palestine, 2nd ed. (Cambridge, 2004).

Pappe, I., The Modern Middle East (New York, 2005).

Rostow, W. W., The Stages of Economic Growth: A Non-Communist Manifesto (Cambridge, 1990).

Stevenson, J., British Society 1914-1945 (London, 1984).

Thompson, J. B., Ideology and Modern Culture: Critical Social Theory in the Era of Mass Communication (UK, 1990).

Waters, M., Modern Sociological Theory (London, 1994).

Weber, M., Economy and Society: An Outline of Interpretive Sociology (California, 1978).